حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای هەولێر
ب .گرێبەستە گشتیەکان

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT-IRAQ
MINISTRY OF INTERIOR/ERBILGOVERNORATE
PUBUC CONTRACTS

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
محافظة أربيل
م . العقود العامة

ژمارە : ٢٢      / ٢٧٢ کوردی      ٦ / ١ / ٢٠٢٤ زاینی

پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان
دەرچوو

# ئـاگـاداری

## ب/ کەمکردنەوەی نهێنی / ژمارە ( 12 )

پارێزگای هەولێر / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەیێنێت بۆ پرۆژەی ( دابین کردنی جلوبەرگی سەربازی بۆ وەزارەتی پێشمەرگە ) کە ( وەزارەتی پێشمەرگە ) پێی هەڵدەستێت , جا هەر بەڵێندەرو کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بە مەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بە مەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لە ناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەری نوسرا بێت و پێشکەش بە سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لە دیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێری خۆجێیەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر(11)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی (~~شەممە~~ ) سێ شەممە ڕێکەوتی ١١/ ٢ / 2024 دەبێت . وە مەرج نیە فەرمانگەکەمان بە نزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت , وە کرێی بڵاو کردنەوەی ڕاگەیاندن لەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

**مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:**

- کۆمپانیای بازرگانی گشتی تایبەت بێت بە دابینکردنی جلوبەرگی سەربازی .
- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەتی هەبێت و نوێ کراوە بێت بۆ ساڵی 2024 .
- پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکان نوێ کراوە بێت بۆ ساڵی 2024 .
- ماوەی پرۆژە ( 150 ) ڕۆژی تقویمییە .
- کاتی بەسەر چوونی تەندەر (90 ) ڕۆژە لە ڕێکەوتی کردنەوەی تەندەرەکە.
- سزای دوا کەوتنی ( 4,500,000) چوار ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینارە بۆ یەك ڕۆژ.
- بارمتەی سەرەتایی بە بڕی ( 200,000,000 ) دوو سەد ملیۆن دینار بە شێوەی چەکی پەسەند کراو یان دەستەبەری بانکی ( خطاب ضمان ) لە یەکێك لە بانکەکانی باوەڕ پێکراو لە هەرێم لەگەڵ تەندەر پێشکەش بکرێت بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی پشتگوێ دەخرێت .
- هیچ تەندەرێك وەرناگیرێتەوە لە دوای کات و ڕۆژی دیاریکراو لە سەرەوە .
- دەبێت مۆڵەتی کۆمپانیا لەگەڵ خۆی بێنێت وە بەناوی خۆی بێت ،ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت
- بەڵێندەر دەتوانێت زانیاری زیاتر بە دەست بێنێت پێش کڕینی تەندەر بە سەردانی کردنی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەگشتیەکان لە دیوانی پارێزگای هەولێر.
- فرۆشتنی تەندەر ( 1,000,000 ) یەك ملیۆن دینار کە ناگەڕێتەوە ، وە ڕۆژانە لە کاتژمێر (9) ی بەیانی تاکو (1) دوای نیوەڕۆ دەبێت.

**تێبینی :**

1. دوو ڕۆژ پێش کردنەوە تەندەر نافرۆشرێت .
2. هەموو بەڵگە نامە داواکراوەکان لەکاتی پێشکەش کردن لەناو تەندەر دابنرێت.
3. کۆمپانیا دەبێت نمونەی پێداویستی داواکراو لەگەڵ بەڵگەنامەکانی تەندەر بگەڕێنێتەوە .

ئومێد خۆشناو
پارێزگاری هەولێر

**وێنەیەك بۆ :**

- ✓ وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری/ بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر/ لەگەل ڕێزماندا ...
- ✓ وەزارەتی پیشمەرگە / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر/ لەگەل ڕێزماندا ...
- ✓ نوسینگەی بەڕێز پارێزگاری هەولێر / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕیزدا ....
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی تەندەرەکان
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان.

  بۆ جێ بەجێ کردن و کاری پێویست......

- ✓ ڕۆژنامەی خەبات / تکایە ئاگادارییەکە بلاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەل ڕیزماندا ......
- ✓ ڕۆژنامەی هەولێر / تکایە ئاگادارییەکە بلاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەل ڕیزماندا ......
- ✓ یەکێتی بەلێندەرانی کوردستان/ لقی هەولێر بۆ ئاگاداریتان .
- ✓ هۆبەی فرۆشتنی تەندەرات / بۆ کاری پێویست
- ✓ پرسگە / بۆ هەڵواسینی ئاگادارییەکە .